هەڵوێست و لێکدانەوەی چەپ لەجیهاندا لەمەڕ لابردنی رژێمی عێراق

کاوە نادر

هەڵوێست ولێکدانەوەی حزب و لایەنە چەپەکانی دونیا لەمەڕ گۆڕین و لادانی رژێمی سەدامی خوێنرێژ، هەڵوێستێکی یەکجار سەلبیە لەگەڵ مەینەتیەکانی گەلی عێراق و خەڵکی باشووری کوردستان، ناتەبایە لەگەڵ ناوەڕۆک و فەلسەفەی چەپگەری، دیارە ئەم هەڵوێستەش دەگرێ و لەئاکامی کاریگەری پاشماوەی دۆگمای نێو جولانەوەی کۆمۆنیستی دەورانی شەڕی ساردە، کەلەئاکامی ئەو نەخۆشیە، ئەو جولانەوەی بەودەردە برد کەبردی! تیایدا شەڕی ئەمەریکا و سەرمایەداری و ئیمپریالیزم لە ئەولەویەتی ململانێکان دادەنرا، ئێستا دوای نەمانی شەڕی ساردو لەدەورانی جیهانگەرایی‌دا، دیاردەو رووداوەکان ئەوها دەخوێندرێتەوە ئەوەی لەخزمەت گۆڕانکاریە مێژوویەکاندا بێ بەئیجابی لەقەڵەم دەدرێ، بائەمریکاشپێچ هەڵسێ و لەبەرژەوەندی ئەو دابێ! لادانی رژێمی عێراقیش لەسەرکار دەچێتە نێو ئەوچوار چێوەیەو بەوەچەرخان و قۆناغێکی نوێ دادەنرێ بۆ ناوچەکەو عێراق وکوردستان،گەلی عێراق و باشووری کوردستان رەزامەندی لەسەرەو قبوولیەتی.

یەکێ لە هۆکارەکانی دیکەی ئەم هەڵوێستەی چەپ، لەلای هەندێکیان کەم زانیاری و بێ ئاگاییان لەسەر رەفتاری رژێمی نەژاد پەرستی بەعسی عێراق و مەینەتییەکانی خەڵکی عێراق و باشووری کوردستانە بەکوردو ئاشوری و تورکمان و ئەرمەن وکلدان... هتد، ئەمەش بێ باکی و کەم تەرخەمی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی و جولانەوەی نیشتمانی ئازدیخوازانەی کوردستان لەبواری راگەیاندن و ڕونکردنەوەی کێشەکەیان دەردەخا لەو زوڵم و زۆرە دڕەندەو هۆڤیانەی ئەورژێمە کردوویەتی بەدرێژایی ئەو (٣٤) ساڵەی حوکمڕانیەتی بەزۆری ئەورژێمە بەسەرگەلی عێراق و باشووری کوردستانداو جاڕدانی شەڕێکی ناڕەواو نابەرابەر دژ بەخەڵکی باشووری کوردستان دەست نەپاراستن لە کۆمەڵکوژی و کاولکاری و دەیان کارەساتی تراژیدی وزەلیل کردنی رۆژانەی هاوولاتیان و خولقاندنی فەزایەکی پۆلیسی کەتیایدا زۆرینەی ئازادییە کەسایەتی و گشتیەکان قەتیس کراون.

هەربۆیە لابردن و گۆڕینی رژێمێکی جەربەزەو دڕەندەی وەك سەدام و بەعسی نەژاد پەرستی عێراق بەردێژایی تەمەنی بەزۆر حوکمڕانیەتی لەعێراق و باشووری کوردستاندا هیچ رێزێکی بۆبەها نیشتمانی و مرۆییەکاندا نەناوە ئەوەی بۆی لواوەو لەتوانای دابووەو پێی ئەنجامدراوەدرێخی نەکردووەو دەیان سەوداو مامەڵەی بەبەها نیشتمانیی و نەتەوەیەکانی خودی عەرەب کردووە تەنیا بۆ مانەوەی لەسەرکورسی حوکمڕانیەتیدا، بەشەمەندەفەری سەرمایەداری ئەمەریکی، ئەونەژاد پەرستەهاتۆتە سەرکارو کوشت و بڕو سەرکوت کردنی بەپشتیوانی سەرمایەداری ئەمەریکا ئەنجامداوە،بۆ لەناو بردنی جولانەوەی دیموکراتی و پێشکەوتنخوازی لەعێراق و شۆڕشی رزگاریخوازی نیشتمانی لەباشوری کوردستاندا. کەجولانەوەی کرێکاری و چەپگەری ئامانجیان لەسەرکارلابردنی ئەوجۆرە رژێمانە بووئێستاش دوای جودایی و لێك دابڕانی بەرژەوەندییەکانی سەرمایەداری لەپشتیوانی ئەوجۆرە دەسەڵاتە شمولیانە، نەك لەئاکامی ئەخلاقی و خۆ بەشەرمەزارزان بەرامبەر بەخەڵکی عێراق و کوردستان،ئەمەریکا دەخوازێ لەسەرکار لایبا، کەچی جولانەوەی چەپگەری پشتیوانی لەوحوکمە شمولەیە تۆلیتارییە نەژاد پەرستەی سەدام دەکەن و بەگژ ئەوهەوڵانەدا دێنەوەکەلەئارادایە بۆ لەسەرکارلابردنی بەبیانۆی ئەوەی ئەو رژێمە یەکێ لەقوربانیانی‌ململانێ یە لەگەڵ ئەمریکا!!؟ لەوەش خراپتر گەلی عێراق و جولانەوەی کوردایەتی لەباشووری کوردستان و هێزو لایەنە سیاسیە نیشتمانیەروەرەکان بەنۆکەرو داردەستی ئەمەریکا و سەرمایەداری دادەنێن، بەڕاستی سەر لێشێواوی و خوێندنەوەی سەرا قۆچی دیاردەو رووداوەکانەو دواکەوتوویی و بێ ئاگایی ئەوحزب و لایەنانەیە لە جومگە سەرەکیەکان و مەینەتیەکانی خەڵکی عێراق و کوردستانداو واش دەڕدەکەوێ ئەوجولانەوەیە هێشتا نقەنقەیەتی و لەژێر باری گرانی عەقڵیەتی دۆگماتیزمیدایە.

ئەوانەی‌هەڵگری بیری چەپایەتین و داکۆکی لەمافی مرۆڤ دەکەن، ئەگەر بۆ وڵاتانی دیکە ئەومافە بە ڕەوا دەزانن ئەی بۆ بۆ عێراق و کوردستان بەڕەوایی نازانن، لەکاتێکدا سەدام حوسێن ئەوەی رێزێ بۆ ئەو مافەی دانانێ نەك هەر لەعێراق بەڵکو لەتەواوی ناوچەکە، بۆ بانێك و دوو هەوابێ یان یەکجار دواکەوتوون وبێ ئاگان لەرەفتارەکانی سەدام!؟.

یاخود رەفتار وکردەوەکانی سەدام بەرەوا دەزانن و بۆ ئەو عەدالەت کەتەنیا لەناو فیکری ئێوەدایە کەدەخوازن تۆلیتاریانە بەڕێوەی ببەن!!؟ وئەو زەلیلبوونەی خەڵکی عێراق و کوردستان و فەزایە پۆلیسییەی کەلەعێراقدا روخساندوەو کوشت و بڕیەی دەیکات، بەخزمەت دەزانن بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی مرۆڤ!!؟؟ گومانی تێدانییە فەلسەفەی مارکسیزم وبیروباوەڕی مارکسیزم هاتوە بۆ دامەرزاندنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی وبۆ گەڕانەوەی ئینسان بۆ ئینسانیەتی خۆی کە لەسایەی دینداری ئێوەو سەرمایەداری بەبەردەوامی پێشێل دەکرێ رێزی لێناگیرێ،بۆیە ئەوەی ئێوە دەیکەن و ولێکی دەدەنەوە مارکسیزم وچەپایەتی لێ بێ بەریەو ئێوەش لەمارکسیزم بێ بەرین.

پشتیوانی ئەمەریکا لەرووخاندنی رژێم بەمەزەندەی ئەو زڕچەپ و خۆ بەکۆمۆنیست زانانە، لەرووی مەبدەئییەوە خیانەت وتاوانە!!؟، ئەگەر وابێ وانەو پەندەکانی مێژووی خەباتی مارکسیزمیش ئەوە ناڕەواو خیانەت دەبێ، یارمەتیەکانی لینین لەئەڵمایناو وتیتولەئینگلیزەکان و هۆشی منە لەئەمەریکیەکان و ماوتسی تونگ لەهەندێ وڵات، بەو پێوەرەبێ ئەوا ئەوجۆرە نمونانە دەچێتە ئەوخانەیە!! ئەگەر هی وان رەوابێ!! ئەوا بۆ خەڵکی کوردستان و عێراقیش رەوایە یارمەتی و هاوکاری ئەمریکا و هەرکەسێك قبول بکەن کەلە کۆڵ مەینەتیەکانیان دەکەنەوەو قۆناغ و وەچەرخانی نوێ دەسازێنێ. هەرهێندەش دەڵێین بەری رۆژ بەبێژینگ ناگیرێ و ئەوانەی لەقە لەکاروانی ئازادیخوازانی عێراقی و کوردستانی دەدەن ئەوا ئاویان لەئاشی دوژمندارانی مرۆڤایەتی وبەمەدەنی بوون و ئاسوودەو ئازادی لەجیهان دەکاتەوەو لەکۆتاییدا هەر ئەوە سەر دەکەوێ کەراستەو جولانەوەی دادپەروەری و یەکسانی و مرۆڤپەروەری بەرەو پێش دەبات وهێزنییە رای بگرێ حوکمی مێژووش بزەیی بەکەسدا نایەتەوە.

وانەو پەندەکانی هەڵبژاردنەکەی تورکیا

بۆ باشووری کوردستان!؟

لە سێی ئەم مانگە هەڵبژاردنێکی پێشوەخت لە تورکیا بەڕێوەچوو کە تیایدا پارتە کلاسیکیەکانی سەرگۆرەپانی سیاسی ئەو وڵاتە (ANP, DYP, CHP, MEHOP) بە تەواوی لەو هەڵبژاردنەدا تێکشکان و نەیانتوانی رێژەی ١٠٪ بهێنن بۆ چوونە ناو پەرلەمان ئەوەی گرنگترە ئەوە بوو ئەجەوید نەیتوانی ٢٪ لە دەنگەکان بهێنێ کە ئەمە خۆی لە خۆیدا واتای تایبەتی خۆی هەیە، ئەجەوید گۆتەنی هەڵبژاردنێکی خۆکوژی بوو بۆ سەرکردەو حزبە کلاسیکیەکان، ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە میللەت چەندە بێزارو بێ ئومێد بووە لەو حزبانەو ئەو حزبانەش چەندە لووت بەرزانە مامەڵەیان لە گەڵ خەڵکی تورکیاو باکووری کوردستان کردووە، گەل لە هەڵبژاردنێکی ئەوا داو لە دەرفەتێکی گونجاودا بە(

)یەك لە گۆرەپانی دەسەڵات دووری خستنەوە، کەلە ناوەرۆکدا کودەتایەکی مەدەنی بوو بەسەر گەندەڵی سیاسی و برسێتی و هەژاری و بێکاری هتد.

(DEHAP) کە کۆبەندو هاوپەیمانیەکی هێزو لایەنە کوردییەکانی ناو چوار چێوەی دەوڵەتی تورکیا بوو، زۆر گرەوی لەسەر دەکرا بچێتە نێو پەرلەمان، دیارە ئەویش شانسی نەبوو لەو هەڵبژاردنەو رێژەی ١٠٪ی پێ نەهات ئەگەرچی لە زۆربەی شارەکانی باکووری کوردستان زۆرینەی دەنگەکانیان بەدەست هێنا، سەرەڕای فشاری دەوڵەتی تورك بۆ سەر ئەو حزبەو گەلی کورد لە باکوری کوردستانداو پێشێلکاریەکان لەم هەڵبژاردنەدا بەگشتی بەڵام دەبێ دان بە هەندێ راستی دابنێن، مەزەندەکانی DEHAP لە زۆر رووەوە لە واقیع دوور بوو کە هێندە گرەوی لەسەر دەکراو هیوای زۆری پێ بەخشی بوون دەتوانن بچنە نێو پەرلەمان.

لە زۆربەی شارەکانی کوردستان هێندێ هێزی ئیسلامی دەنگێکی زۆری حزبە ئیسلامییەکانیان بەدەست هێنابوو بە تایبەتی لە وان و دیاربەکر، باتمان، ئەگەرچی حزبە ناسیونالیستە تورکیەکان زۆرکەم دەنگیان هێنا، ئەم دیاردەیە ئەوە دەگەیەنێ سەرەڕای جەوروستەمی نەتەوەیی لە باکوری کوردستاندا، دیارە هێشتا هەستی ئاینی بەرزەو ئەوەی پتر مەبەستمانە لێرەدا، ئەم هەڵبژاردنە خۆکوژیە دەبوایە رووبدا زوو یا درەنگ، دەبوایە بزانن و ئایدیۆلۆجیەتی نەژاد پەرستی دەوڵەت لە دەورانی جیهانگەرایی و سیستەمی رێزگرتن لێکترو لێکتر حالی بوون و دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادی سیاسی هتد بەکۆکوژی و نکۆڵی لە بوونی کورد دەبوایە راپێچی چارەنووسی خۆکوژی!! ببوبایەنەوە لە سیستەمی نوێی جیهانیدا.

بۆیە ئێمەش لە باشووری کوردستان، دەبێ ئەو راستیانە لە پێش خۆدا بنێین، گەرهاتوو بە عەقلیەت و رەفتاری ئێستا درێژە بدەین و ریفۆرمی ئابوورییو سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەنجام نەدەین و بەزووترین کات مالی کورد بە تۆکمەیی یەکنەخەینەوەو زەمینەی خۆشگوزەرانی هاوولاتیان خۆش نەکەین بڕەو بە ئازادی تاك و کۆمەڵ نەدەین و دەست لە حزبایەتی تەسك و پاوانکاری سیاسی هەڵنەگیرێ ئەوا هەمان ئەزموونی تورکیا و بەحرێن لە باشووری کوردستاندا ئەگەری دەبێت.

هاوولاتیان، یان باج سەندن لەخەڵك پێویستە قەدەغە بکرێت وبەپێی یاسا سەرپیچی کەران سزا بدرێن.

حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان وەك (پدك و ینك) دەبێت ڕێ خۆشکەر بن و ملکەچیی خۆیان بۆ یاسا بسەلمێنن بەوەی کەئەوان پێش هەموو حیزبە بچوکەکان دەستبەرداری هێزی چەکداری خۆیان بن و سوپایەکی نەتەوەیی بێلایەن دروست بکەن ئینجا داوا لەهێزەکانی تری ناو کوردستان بکەن کەهەمان هەنگاو بنێن باشتریش وایە کە فەرماندەی گشتی سوپا کەسێکی بێ لایەن و هەڵبژێردراو بێت تاهەمو لایەك متمانەی پێ بکەن.

ئەگەر مەبەستمان لەهەڵبژاردنی داهاتووی کوردستانی باشور دروستکردنی حکومەتێکی باشترو بەهێزترو پێشکەوتوتر بێت،ئەوە ئەوگۆڕانکاریانەی کە من لەو چەند پەرەگرافەی سەرەوەدا پێشنیارم کردن دەبێت وەك هەنگاوێکی سەرەتایی و پێویست تەماشایان بکرێت و ئەنجام بدرێن تاسەرکەوتنی لایەنی کەمی هەڵبژاردنەکە مسۆگەر بکەین.

هەموو ئەوحیزبە سیاسیانەی کە لەگۆڕەپانی خەباتدان لەکوردستانی باشوور نابێت هیچ سستی و دڵەراوکێیەك پیشان بدەن بەرامبەر بەو گۆڕانکاریانەی کەواقیعی ئەمڕۆی کوردستان دەیانکات بەزەرورەتێك هەتا ئەگەر ئەو گۆڕانکاریانە هەندێك لەدەستەڵاتی خودی حیزبەکان کەم بکاتەوە چونکە ئەو گۆڕانکاریانە گەلەکەمان بەهێز دەکات و سودێکی زۆر بەوڵاتەکەمان دەبەخشێت.

کوردستان نێت
٢٠٠٢/١١/٤

هەڵبژاردنەکەی داهاتووی کوردستانی باشوور

میرزا نامۆ

هەر وەك بەڵێن دراوە لەلایەن سەرکردەی پارتە سەرەکییەکانی کوردستانی باشوورەوە، لە نۆ مانگی داهاتوودا هەڵبژاردنی سەرتاسەری لەو بەشەی کوردستاندا ئەنجام دەدرێت.

دەبێت لەخۆمان بپرسین کەئایا تەنها ئەنجامدانی هەڵبژاردن لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانە هیچ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر تەوەری دەستەڵات و مافو بەرپرسیارێتی هاوولاتیان؟

ئێمە لەقۆناغێکدا دەژین کەهەندێك هەڵبژاردن لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا ئەنجام دەدرێ، بەبێ هیچ گرنگی دانێك بەشێوازی دەستەڵات لەوولاتانەدا. تەنانەت وڵاتانی دواکەوتوو دیکتاتۆری وەك عێراقو سوریا وئێران و تورکیاش هەڵبژاردن ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی هاوولاتیان خۆیان قایل بکەن کەچەند هەنگاوێکی دیموکراتیانەیان ناوە، وەیان بۆ ئەوەی بێگانەکان هەڵخەڵەتێنن و قایلیان بکەن کەئەو رژێمانە بە شێوازی دیموکراتیانە وڵات دەبن بەڕێوە.

بەبڕوای من، بەبێ نییەتێکی پاك لەمەڕ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی، ئەنجامدانی هەڵبژاردن بەفیڕۆدانی کات و پارەیە. ئایا کەس دەتوانێت هیچ جیاوازییەك ببینێت لەنێوان دەست نیشان کردن یان هەڵبژاردنی ئەندامێکی پەرلەمان لەعێراق، سوریا، ئێران ، یان تورکیادا؟ من بەوپەڕی دڵنیایەوە دەڵێم کە هیچ جیاوازییەکیان نییە چونکە لەو وڵاتانەدا بچوك ترین لادان لەڕێبازی ئەو رژێمانە کە لەلایەن کەسانی هەڵنەبژێردراوەوە داڕێژراون بۆی هەیە خەڵك تووشی دادگایکردن و لەهەندێ هەلومەرجیشدا هەتا کوشتنیشیان بکات.

دوو هۆکار هەن کەبەڕادەیەکی زۆر کاریگەری دەکەنە سەر شێوازی دەستەڵات لە هەر وڵاتێکدا لەم جیهانەدا، ئەو دوو هۆکارەش ئەمانەن: یەکەم سەرکردەی لێهاتوو ئاسۆ فراوان، دووهەمیش جەماوەرێکی رۆشن بیر کەسوربن لەسەر داخوازێکانیان.

بەبێ ئەم دوو هۆکارە هەلومەرج بەرەو گەندەڵێ دەڕوات بێ گوێ دان بەوەی کە دەستەڵاتداران چۆن دێنە سەرفەرمان ڕەوایەتی.

ئێمە هەموو بینیمان کە دوای هەڵبژاردنەکەی ١٩٩٢ لەکوردستانی باشوور چی ڕوویدا. لەگەڵ ئەوەشدا کەخودی هەڵبژاردنەکە ئەزموونێکی مێژوویی گرنگ بوو بۆ ئێمەی کورد، بەڵام تائەو جێیەی کەپەیوەندی بەدامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنییەوەهەبوو هەڵبژاردنەکە نەی توانی هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ بهێنێتە کایەوە چونکە سەرکردەکانی کورد حزبایەتی دەکەن لەجای کوردستانێکی باشترو بەهێزتر، بەڵکو سەرکردەکان تەنها سەرقاڵی ئەوە بوون کەبەهەر نرخێك بووبێ نەیارە کوردەکانیان لاواز بکەن و دەستەڵاتی خۆیان زیاد بکەن. جەماوەری کوردستانیش بەو رادەیە سور نەبوون لەسەردامەزراندنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی کەهەر سەرکردەیەکی کورد پشت گوێ بخەن ئەگەر ئەو سەرکردەیە ئامانجی بەرژەوەندی تایبەتی‌خۆی و حیزبەکەی هەبوو کەزیانێکی زۆری دەدا لەئامانجی گەلەکەمان ئەو دیاردەکوشندەیەش کوردستانی باشووری بەرەو ئاژاوەی ناوخۆ و دووژمنایەتی کردنی یەکتری برد.

ئێمە دەبێت دڵنیا بین کەهەڵبژاردنی داهاتوومان دووپات بوونەوەی هەڵبژاردنەکەی ١٩٩٢ نەبێت. ئێمە دەبێت ڕێگە نەدەین هەڵبژاردنی داهاتوومان تەنها بۆئەو مەبەستە بێت کەخۆمانی پێ قایل بکەین و بڵێین ئێمە پێشکەوتووین چونکە هەڵبژاردنێکمان ئەنجامدا.

بڕیار لەمەڕ کلێشەی حکومەت، ماف و بەرپرسیارێتی هاوولاتیان، ڕێبازی هەڵبژاردن، توێژەکانی دەستەڵات، تەبایی دەستەڵات، نابێت بەهیچ شێوەیەك هەڕەمەکیانە و لە لایەن چەند کەسێکەوە بدرێن، بەڵکو هەموو ئەو بڕیارانە دەبێت بکرێن بە بەشێك لە دەستووری کوردستانی باشوور بۆ ئەوەی هەموو شتێك بۆ جەماوەر ڕوون و ئاشکرا بێت و هۆکاری کێشەی ناوخۆش لەداهاتوودا بنەبڕ بکات.

جەماوەری کوردستان دەبێت سور بن لەسەر ئەوەی کە دەبێت دەستورێك بۆ کوردستانی باشور هەبێت پێش ئەوەی هەڵبژاردنی داهاتوو ئەنجام بدرێت تا هەڵبژاردنەکە بەپێێ دەستووری کوردستانی باشوور بێت. هەروەها جەماوەری کورد دەبێت سووربن لەسەر ئەوەی کەدەستوور دەبێت دەنگی لەسەر بدرێت ئینجا ببێت بە دەستوورێکی ڕەسمی، وە دەبێت سوربن لەسەر ئەوەی تەنها ئەوان واتە دانیشتوانی کوردستانی باشوور دەبێت ئەومافەیان هەبێت کە لەداهاتوودا دەستوورەکە بگۆڕن یان دەستکاری بکەن بەهەمان شێوازی دەنگ دان.

ئەو نەرێتانەی پیشەی رژێمی عێراق و رژێمەکانی تری دەوروبەری و دزەیان کردۆتە ناو سیاسەتی کوردییەوە دەبێت لەهەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمانی ئەم جارەدا بنەبڕ بکرێن. هەر هەلومەرجێك کەبەرپەرچی هەڵبژاردنێکی ڕەواو دیموکراتیانە بداتەوە دەبێت پشت گوێ بخرێن بۆ ئەوەی دڵنیا ببین کەپەرلەمان نوێنەری راستەقینەی دانیشتوانانی کوردستانە کەلە رۆژی هەڵبژاردندا دەنگی خۆیان دەدەن بۆ نموونە ئەگەر لەپێش هەڵبژاردندا بڕیاربدرێت کەتورکمانەکان ئەمەندە کورسیان دەبێت و ئاشوورییەکانیش ئەمەندە، ئەوەکارێکی دژ بەدیموکراتییەو هیچ یارمەتی ئەوکەمایەتیە نەتەوایەتیانەی ناو کوردستانی باشور نادات.

بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو، کوردستانی باشوور دەبێت دابەش بکرێت بەسەر ناوچەی هەڵبژاردنی دیاری کراودا کەژمارەی دانیشتوانەکانیان هاوتا بن.ئەو ناوچانەی کە ئێستا داگیرکراوە لەلایەن رژێمی عێراقەوە پێویستە بەبەتاڵی بمێننەوە تائازاد دەکرێ، ئەندامی حیزبەکان و کەسانی بێلایەنیش کەدەیانەوێت ببن بە نوێنەری ئەو ناوچەی هەڵبژاردنانەی کەئێستا لەژێر دەستەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندان دەبێت دەرفەتی یەکسانیان بۆ بڕەخسێندرێت. بۆ نمونەش،ئەگەر لە دوای هەڵبژاردنەکەتورکمانەکان یان هەردەستەو تاقمێکی تر توانیان نیوەی کورسیەکانی پەرلەمانیش ببەنەوە،پیرۆزیان بێت و ئەوە ئەو مانایە دەگەیەنێت کەجەماوەر متمانەیان بەو نوێنەرانە هەیە کەباشتر لەهەر کەسێکی تر نوێنەری ناوچەکانیان بکەن لەپەرلەماندا.

هیچ کەسێك نابێت ئەومافەی هەبێت کە دەستکاری ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بکات وەك لەدوای هەڵبژاردنەکەی ١٩٩٢ ڕویدا چونکە ئەوە گرنگی هەڵبژارنەکە پوچەڵ و بێ واتا دەکاتەوە.

لەدوای هەڵبژاردن،تەنها خەرجی پەوەندیدار بەکاروباری دەوڵەتی بۆ ئەندامانی هەڵبژێردراو دەبێت دابین بکرێت. هیچ حیزبێکی سیاسی بێ گوێدان بەقەبارەیان نابێت هیچ خەرجییەکیان لەبودجەی گشتی دەوڵەت پێ بدرێت هیچ حیزبێکی سیاسیش نابێت بەهیچ جۆرێك یارمەتی بیانی وەربگرن داهاتی حیزبەسیاسییەکان دەبێت تەنها لەئابونەی مانگانە خەڵاتی ئەندامەکانیان پێکبێت چی لەکوردستان بن یان لەدەرەوەی کوردستان هەر جۆرە یارمەتییەکی تر پێویستە ئاشکرا بکرێت وبخرێتەناو داهاتی گشتی دەوڵەتەوە. بڕیارێکی لەم جۆرە زەمینەیەکی ڕەوا و یەکسان بۆ کاری سیاسی لەباشووری کوردستان دەڕەخسێنێت و پێش لەدەست تێوەردان و پلان گێڕانی بیانیان لەسیاسەتی ناوخۆی کوردستانی باشووردا دەگرێت.

تەنها دەستەڵات لەکوردستانی باشوور دەبێت حکومەتێکی هەڵبژێردراو بێت. هەر حیزبێکی سیاسی یان دەستەوتاقمی ئایینی و نەتەوەیی کەدەست بداتە کاروبارێك کە تەنها بەئەرکی یاسایی حکومەتی هەرێم دەزانرێت وەك پێکەوەنانی دەستەی چەکدار، یان گرتن و لێپرسینەوە کردنی